www.kurdistannet.org
4-3-2007 0:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕونکردنەوەیەک لەسەر بابەتی " یاخوا هەر مام نەخۆش بێت " ... عەلی مەحموود محمەد

بەڕێزان مەبەستی من لە نووسینی ئەو بابەتە ئاواتە خواز بوون نەبوو بۆ نەخۆش بوونی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و قەتیش تەمەنا بۆ ئەوە ناخوازم " بەڕێزانێك ئاوا تێگەیوون "، نەك تەنها بۆ بەڕێزی بەڵکە بۆ هیچ تاکێکی کۆمەڵگەکەمان، بەڵکە نووسینەکەی من ڕەخنە گرتن بوو لە خودی دیاردەکە، کە هاندانی جەماوەرە، بەشێوەیەکی مونەزەم بۆ قوربانیکردن بۆ سەرۆك، بە بڕوای من ئەمە دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەی دوور لە مۆدێرنتەیە و پێویستە هەموو پێکەوە، بە ئەندامانی ینکیشەوە دژی بووەستینەوە و نەهێڵین ببێتە دیاردەیەکی باو لە کۆمەڵگەدا، هاوکات وەك نووسیومە لە بابەتەکە، ڕەخنەکەی من ئاراستەی کەسانی هەلپەرستە، کە لە ڕێگەی ئەم دیاردەیەوە، خۆیان دەبەنە پێشەوە، بۆیە دەبێت هەموومان دژیان بووستینەوە، ناونیشانی بابەتەکەی من تەنها پەیوەندی بە دیاردەی گۆشت دابەشکردنەکەوە هەیە بەسەر جەماوەردا.
ئاواتە خوازی مەرگ و نەخۆش کەوتن، تەنانەت بۆ نەیارانی سەرسەختی سیاسیش، دیاردەیەکی زەبونانەی باوەڕ بە هێزی جەماوەر و خۆ نەبوونە، ئەوانەشی لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێت پرۆژەی سیاسیان بەرنە پێشەوە، شکست چاوەڕوانیانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.